# ئەوان کە گێڕایانەوە گریان

کەریم دەشتی



مەریەم هەمیشە و بێ وچان ئەڤینی کەنارە دوورەکان
شێتی دەکا
خۆی لە نووری لیم وەردەدا
جاروبار یاری بە کەزییەکانی دەکا
پەنجە لەسەر گۆی مەمکەکانی دادەنێ
شیری حەسرەت بەبا دەکا
گەڵا دڵی خۆی دەداتێ و رووبار شەپۆلی لە مل دەکا
مەریەم کە ئەڤین دایدەگرێ... چاوی پڕ دەبێ لە ساماڵ
نە مەجدەل دەناسێتەوە و نە ئاوری لێ دەداتەوە
مەریەم لە گێڕانەوە ڕاستی نەدرکاند
هەمووی لە سەرسامی کوشتین
پەرشی ناو دۆڵ و ڕێگا خەوناوییەکانی کردین
کەسمان کەسی نەدەناسییەوە..
باش بێرەحمانە گوزەری کرد
ئەوەی بینیووی بە زمان نەدەگوترا
بە قەڵەم نەدەنووسرا
بەچاو نەدەبینرا
کە ئەوان هاتن
زانیم مەریەم و جوانییەکانی... لە دوور دوورەوە دێن
باڵیان شلە
چاویان کولە
کرێوە دیلی کردبوون
زۆرانیش وەسیەتەکانی خۆیان دابووە مەریەم
مەریەمیش بێ پەروا وەک بخوور دایگیرساندبوون
باش بێرەحمانە گوزەری کرد هیچی بۆ نەگێڕاینەوە...

هاوارمان کرد ئەی مەریەم... مەریەم
شەومان بە سەردا هات....
ساتێ بۆ شەو زۆرە لە خۆیمان بشارێتەوە..
زەمانێک بۆ ڕۆژ کەمە ئاشکرامان بکات
ئەوسا بەیەکەوە لە میانی گەڵا وەریوەکانی مەجدەل
خۆمان بە درەختەکانەوە هەڵدەواسی
تا سەیری ئەو دڵۆپە ئاوانە بکەین
کە هەمیشە وەک خوداپەرستێ هەڵدەڕژێنە سەر
تاوێرەکانەوە
تا سەیری ئەو لێوارانە بکەین
کە هەمیشە و بێ وچان ئاو هەڵیاندەگرێ
بەناو دونیایان دەسووڕێنێتەوە
ئێمە پێویستمان بە وچانێ هەیە مەریەم وچان
وچانێ کورت بەیەکەوە ڕازێ بدرکێنین
پێویستیمان بەسەدەیێ هەیە مەریەم سەدەیێ
بەیەکەوە پرتەقاڵێ سپی بکەین
دیشلەمەیێ بخۆینەوە
بەڵام ڕەشایی شەو هەمیشە دەمانشارێتەوە و
ڕوناهی ڕۆژیش هەمیشە ئاشکرامان دەکات
پێویستیمان بە چەپکێ بای خێرا هەیە مەریەم با
هەڵمانگرێ
وەک لیماوی کەنار بەناو باخەکانی دنیا
بمانسووڕێنێتەوە
پێویستیمان بە کتێبێ هەیە مەریەم بیکەینەوە
لەناو دێڕەکانیا ون بین
ون بوون هەمیشە ون بوون لە تەمی کتێب
ون بوون هەمیشە ون بوون لە باوەشی بادا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە ساتێ ڕاماندا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە شەوقێکی نووردا
ون بوون هەمیشە ون بوون لە ناو قاقاییکی دووردا
مەریەم ئەودەم بەسەر کەشتییەکەی ڕامبۆدا
سەرخۆش بە گوڵە پوونگ و دڵنیا بە ڕەونەقی ئەشق
ئێوارەی ناو باخە خەمگینەکانی مەجدەلییەی تەی کرد

شوێن پێکانی نووریان لێ هەڵدەستا
ئەوە مەریەم نەبوو، کزەباییکی بۆنخۆش بوو لە
بەهەشتەوە دەهات
قومە ئاوێکی جاویدانی بوو لە ڕووباری گنسارت
گوێی لەو دەنگانە ڕادەگرت کەس نەیدەزانی لە کوێوە
دەهات...
قسەی بۆ ئەو تاوێرانە دەکرد
کەس نەیدەزانی بە چ چپەیەکەوە دەدوێن
گۆرانی بۆ سوارێ دەچڕی لەناو بەرپای پڕ تەمتومان
کەس نەیدەزانی لە کام لا دێ هەڵیدەگرێ و دەیباتەوە
کەی بە تەکیا ڕادەبوورێ و کلیلی زەمانی لە دەم دەنێ
ئەشقیش وەک ڕووبارە تیژەکانی حەبەشە
بەناو پەراسووەکانی هەڵدەڕژا
هەنار ئاسا شەقی دەبرد بەسەر ڕوخساریا دەڕژا..
خۆی و تاقە چراێک دەچووە سەر بەردێکی دێ
چاوەڕوانی سوارە ئەفسووناویەکەی خۆی دەکرد
لە بەرزاییەکانی تەبەرییە و کۆڵانە تەسکەکانی سەراییل
کە ئێستا تا ئێستاکە دێ
هەڵیدەگرێ و دەیهاوێتە سەر پشتی زین
دوور دوور... دوورتر لە بۆراقی دەبات
بەیانیان خۆی و باقەیێ گوڵەگەنم
دەچووە سەر تاقە گردی دێ
چاوەڕوانی میوانێکی دەکرد.. میوانێ لە کەس ناچێ
کە لەگەڵ تیشکی نیوەڕۆی کەمڕەنگی زەیتوونستان
بگاتە جێ...
باقە گوڵەگەنمەکەی پێ بدا و بکەونە ڕێ
زاکیرەی پڕ بێ لە مەستی
هەر مەل بوون تا لە تیشکی ناو چاوی مەریەمیان دەبرد
دەیانبەشییەوە درەختان
مەریەمیش وەک هەمیشە
تیشکی مانگی لە شەپۆلان دەردەهێناو
نووری خودای دەبەشییەوە